


تاژان شێخ نەسرەدین:

# سێ ساڵە بێ ڕکابەر یەکەمی ئەسپسوارانم لە هەرێمی کوردستان

دیمانە: کارزان کانەبی

**یاریی ئەسپسواری یەکێکە لەو یارییانەی کە لەسەر ئاستی جیهان کوردستان گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، ساڵانە چەندین پاڵەوانێتیی گەورەی لەسەر ئاستی وڵاتان بۆ ئەنجام دەدرێت، لە کوردستانی خۆمان بەپێچەوانەوە ساڵانە چەند پاڵەوانێتییەك ئەنجام دەدرێت، بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویستدا نییە، چونکە تەنیا چەند یانە و هەڵبژاردەیەکی دووبارە بەشداری لە یارییەکان دەکەن، لە ئاستی کچانیش یاریزانان لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن، شاری سلێمانیش خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانایە لە یاریی ئەسپسواریدا، تاژان شێخ نەسرەدین شێخ بەهادین یەکێکە لەو یاریزانانەی کە بەردەوام لە یارییەکانی ئەسپسواریدا دەبینرێ، ئەو بۆ تیپی سەنتەرەکان و هەڵبژاردەی سلێمانی یاری دەکات و پێشتریش لە ریزی یانەی ئەفرۆدێت بووە ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سلێمانییە ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



*** چۆن بوو ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

- لەبەر خۆشەویستیی باوکم بۆ یارییەکانی ئەسپسواری کە پێشتر پاڵەوانی عێراق بووەو یەکێك بووە لە راهێنەرە بەتواناکان، ئەو هۆکار بووە بۆهاتنی من بۆ ناو ئەم یارییە.

***ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئەم یارییە تازە خەریکە پێش بکەوێت و بناسرێت لە شارەکانی کوردستان، لەم بڕوایەشم لە ئایندەیەکی نزیك بەرەو پێشچوونی باش بەخۆیەوە دەبینێت.

***بۆچی لە شارەکان وەکو پێویست گرنگیی بەم یارییە نادرێت ؟**

- لەبەر نەبوونی کادیرو کەسانی شارەزا و بەتوانا لەم بوارەدا، بۆیە پێویستە لەسەر لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان کە هەوڵی جدی بدەن بۆ گرنگیدان و بەرەو پێشچوونی ئەم یارییە.

*** پێویستە چی بکرێت بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم یارییە وەکو وڵاتانی جیهان؟**

- دروست کردنی گۆڕەپانی تایبەت بۆ ئەم یارییە کە تایەتمەندبێت بەم یارییە و شوێنی دابین کردنی حەوانەوەی ئەسپ زۆر پێویستە.

*** ساڵانە کردنەوەی یەك دوو پاڵەوانێتی بەبەشداری ژمارەیەك یاریزانی کەم، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئاستی یارییەکە؟**

- زۆری و کەمی یاریزانان زۆر گرنگ نییە بۆ ئەم یارییە، بەڵام کردنەوەی پاڵەوانێتیی زیاتر پێویستی بە شوێنی تایبەت دەبێت بۆئەوەی ئەم یارییە زیاتر بەرەو پێش بچێت.

*** کێشەو ئاستەنگەکان یاریی ئەسپسواری چین؟**

- کێشەو گرفتمان زۆرە، بەڵام ئەوەی زۆر نیگەرانی کردووین لەم یارییەدا نەبوونی گۆڕەپان و شوێنی ئەسپەکان ئەوانە هەمووی کێشەی ئەم یارییەن.

*** بۆ حەزە یان بۆ وەرزشە کە ئەم یارییە ئەنجام دەدەن؟**

- من وەکو وەرزش ئەم یارییە دەکەم، کە وەرزشێکی گەورەیە لە جیهان.

***ئایا ئێوەی کچ هیچ کات دووچاری کێشەو گرفت نەبووینە لەم یارییەدا؟**

- کێشەو گرفتی ئەوتۆمان نەبووە، هەر چەندە هەندێکجار پێمان دەڵێن ئەم یارییە قورسە و بۆ ئافرەت نابێت، بەڵام من چونکە باوکم هاوکارمە و شارەزایە لەم یارییە ئەو کێشەیەم نییە.

***هیواو و ئاواتت وەکو یاریزانان لەم یارییەدا چییە ؟**

- هیوام ئەوەیە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاوکاری بکرێین، بەشداریمان پێ بکرێت لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە تاکو هەرێمی کوردستانیش لەرێگای وەرزشەکەمان بە وڵاتانی جیهان بناسێنین.

***بەرنامەی داهاتووتان چییە؟**

- بەرنامەمان زۆرە بۆداهاتوو وەکو کردنەوەی خولێك بۆ کچان تایبەت بەم یارییە.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە بیڵێیت؟**


- بۆماوەی سێ ساڵە بەشداری پاڵەوانێتییەکانی کوردستان دەکەم، پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە بێ ڕکابەری کە ئەوەش بۆمن خۆش نییە، ڕێزم بۆهەموو ئەسپسوارانی کوردستان.

# ڤان پێرسی: بەیاری کردن لەگەڵ رۆنی چێژ وەردەگرم

هێرشبەری یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی رۆبن ڤان پێرسی دووپاتی کردەوە زۆر چێژ وەردەگرێت لەوساتانەی لەتەك هاوڕێکەی واین رۆنی یاری دەکات. لەمیانەی لێدوانێکی بۆ پێگەی فەرمی یەکێتیی تۆپی پێی ئەورووپا ناســراو بە ویفا ڤان پێرســی رایگەیاند هەماهەنگی زۆر لەنێوان من و رۆنی هەیە، بۆیە زۆر دڵخۆش دەبم لەو ساتەی لەگەڵ رۆنی بەیەکەوە یاری دەکەین و هەردووکیشمان پێمان خۆشە لەنێو یاریگا بەیەکەوە بین.هەر لەدرێژەی قســەکانیدا ئەو هێرشــبەرە هۆڵەندیە وتی لەوساتانەی بەیەکەوە یاری دەکەین لەباشترین ئاستداین، چونکە ئێمە بەهێزترین دوو یاریزانین لەنێو یاریگا، هەر بۆیە ئەم هەڵوێستە زۆر دڵخۆشم دەکات و هیوا دەخوازم ئەو هاوبەشیە بەردەوامبێت و بەرەو پێش بروات.

ئەم لێدوانانەی ڤان پێرســی لەو کاتانەیە دەنگۆی هەواڵی رۆیشــتنی ناوبراو لە یانەی مانچستەر یونایتد بڵاوبۆتەوە و راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن یانەی بەرشــلۆنەی ئیســپانی ئامادەیە بۆندێکی لەگەڵ مۆر بکات .








دوای ئــەوەی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ناســراو بە فیفا بەفەرمی هەرســێ یاریزان کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی و لیۆنیل میسی ئەرژەنتینی و فرانك ریبیری فەرەنسی دەست نیشــانکرد بۆ لیستی کۆتایی کێبڕکێی بەدەست هێنانی تۆپی زێڕینی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٣، لای خۆیەوە رۆژنامەی مارکا ی ئیسپانی لەراپرسیەکدا دەرگای دەنگدانی کردەوە بۆ دەستنیشــانکردنی باشــترین پاڵێوراوی یەکەم بۆ بەدەست هێنانی تۆپی زێڕین شانبەشــانی دەنگدان بۆ دەست نیشانکردنی پێکهاتەی نموونەیی هەڵبژاردەی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٣ و دەنگدان بۆ براوەی خەڵاتی بۆشکاش تایبەت بە جوانترین گۆڵ بۆ ٢٠١٣. ئەمەو نزیکەی ٤٠ هەزار کەس لە خوێنەرانی رۆژنامەی مارکا بەر لە داخستنی دەرگای دنگدان دەنگی خۆیان داوەو یاریزانی براوەی تۆپی زێرینیان دەست نیشانکردوە، ئەمەش لەکاتێکدایە ئەم دەنگدانە تەنها راپرسیە و خاڵی یەکلاییکەرەوە بۆ بەدەست هێنانی خەڵاتی تۆپی زێڕین دەنگدانی راهێنەرو کاپتنەکانی هەر ٢٠٩ وڵاتەکەی ئەندام لە فیفا لەگەڵ ٢٠٠ رۆژنامەنووسی وەرزشی سەرتاسەری جیهانە.

لەم راپرســیەدا رێژەیەکی زۆری دەنگدەران دەنگیان بە کریســتیانۆ رۆناڵدۆ وەك پاڵێوراوی یەکەم بۆ بەدەست هێنانــی تۆپــی زێڕین بە رێژەی ٥٣,٨٪ ودوای ئەمیش لیۆنیل میســی بەپلەی دووەم دێت بەرێژەی ٣٣,٩٪


## بەپێی راپرسێکی رۆژنامەی مارکای ئیس

# ئەو ١٠ یاریزانەی شەیتانە سوورەکان ڕزگار دەکەن

ڕۆژنامـــەی دیلی میلی بەریتانی ١٠ یاریزانی پاڵاوتووە بۆ چوونە ریزەکانی یانەی مانشســـتر یونایتـــدی ئینگلیزی وەك هەنگاوێك بۆ ڕزگارکردنی مان یونایتد لە ماوەی گواستنەوەی زستانە بەهۆی شکستەکانی پاڵەوانی وەرزی رابردوو لە خولی یەکەمی وەرزی ئەمساڵ کە لەئێســـتادا لەپلەی ٩ دێت بە بەدەســـت هێنانی ٦ بردنەوەو ٤ یەکســـان بوون و ٥ دۆڕاندن. پێویستە بوترێت لەماوەی گواستنەوەی هاوینە مان یونایتد نەیتوانی جگە لەیەك گرێبەست هیچ گرێبەستێك واژوو بکات کە لەدوایین ساتەکان بوو بەرلەداختستنی وەرزی گواستنەوە هات کە بەهۆیەوە یاریزانی بەلژیکی هیڵی ناوەڕاست مەروان فیلاینی لە یانەی ئیڤەرتۆنەوە هاتە ریزی مان یونایتد، بەڵام ئەم بۆندە هیچ گرنگی و کاردانەوەی بەسەر جەماوەرو یاریزانی ئەم یانەیە نەبوو. ئەمەو بەپێی ڕۆژنامەکە ١٠ بژاردەی یاریزانە لەبەردەم ڕاهێنەری ئوســـکتلەندی دێڤید مۆیســـە بۆ دەست نیشانکردنیان بۆ پتەوکردنی ریزەکانی تیپەکەی. ئەو ١٠ بژاردەیەش بریتین لە



١- کای گاندۆگانی ئەڵمانی لە یانەی برۆسیا دۆرتمۆند بەبڕی ٣٦ ملیۆن دۆلار
٢- یۆهان کابای فەرەنسی لەیانەی نیوکاسل یونایتد بەبڕی ٢٧ ملیۆن دۆلار
٣- سیسك فابریگاسی ئیسپانی لەیانەی بەرشلۆنە بەبڕی ٥٢ ملیۆن دۆلار
٤- لۆکا مۆدریتشی کرواتی لەیانەی ریال مەدرید بەبڕی ٣٧ملیۆن دۆلار
٥- ئەندری هیریرای ئیسپانی لەیانەی ئەتلەتیك بلباوی ئیسپانی بەبڕی ٤٥ ملیۆن دۆلار
٦- ریمی کابیلای فەرەنسی لەیانەی مۆنپیلیە بەبڕی ٢٧ ملیۆن دۆلار
٧- ئیڤرتۆن پێریرای بەرازیلی لەیانەی کرۆزیرۆ بەبڕی ١٥ ملیۆن دۆلار
٨- کۆکی ئیسپانی لەیانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بەبڕی ٢٤ ملیۆن دۆلار
٩- ویسلی شنایدەری هۆڵەندی لەیانەی گەلەتە سەرای بەبڕی ١٣ ملیۆن دۆلار
١٠- کیڤین سترۆتمانی هۆلەندی لەیانەی ڕۆما بەبڕی ٤٥ ملیۆن دۆلار



ولەپلەی سێیەمش فرانك ریبێری دێت تەنیا بەرێژەی ١٢,٤٪.

ســـەبارەت بە براوەی خەڵاتی بۆشکاش بەپێی ڕاپرســـیەکەی ڕۆژنامەی ناوبراو گۆڵی یاریزانی ســـویدی زلاتان ئیبراهیمۆفیتش بەجوانترین گۆڵی ٢٠١٣ دادەنرێت ئەو گۆڵەی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەرامبەر بە ئینگلتەرا تۆماری کرد بەرێژەی ٧٥,٩٪ و دوای ئەمیش گۆڵی یاریزانی سربی نیمانا ماتیشی لە یانەی بەنفیکای پرتوگالی دێت بەرێژەی ١٥,٧٪ و دوای ئەمیش گۆڵی یاریزانی بەرازیلی نیمار داسیلڤا دێت بەرێژەی ٨,٥٪ دێت .

لەڕاپرسیەکدا پێکهاتەی نمونەیی جیهانیش دەست نیشانکرا، ئەو ١١ یاریزانە نموونەیەی پێکهاتەی جیهان پاڵێوراون ئەمانیش برتین لە ڤیکتۆر ڤاڵدیز گۆڵپارێز و رامۆس و لام و تیاگۆ سلڤا و ئالابا بۆ هێلی بەرگری پاڵێوراون و ریبیری و ئینیستاو گارس بیل بۆ هێلی ناوەڕاست لەخۆوە دەگرێت هەریەك لە ڕۆناڵدۆ و میســـی و ئیبراهیمۆڤیتش بۆ هێلی هێرشبەری دیاریکراون بەمەش دەردەکەوێت کە هەریەك لە یانەی بەرشـــلۆنە و ریال مەدرید ســـێ یاریزانیان دەست نیشـــانکراون و هەروەها یانەی بایەرن میونیخی ئەڵمانیی ســـێ یاریزانی لەم پێکهاتەیە بەدی دەکرێت، هەروەها یانەی پاریس ســـان جێرمانی فەرەنسی دوو یاریزانی لەم پێکهاتەیە هەیە .

## ـــــپانی ڕۆناڵدۆ براوەی تۆپی زێڕینە بۆ ساڵی ٢٠١٣

# له مالیزیا تیروپشکی یارییەکانی پاڵەوانێتیی جامی یەکێتیی پاڵەوانەکانی ئاسیا ڕاکێشرا




هەفتەی ڕابردوو لە بارەگای یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا لە مالیزیا، تیروپشکی یارییەکانی جامی یەکێتیی ئاسیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بۆ تۆپی پێی ڕاکێشرا، کە تیاییدا لەم تیروپشکە نوێنەری یانە بەشداربووەکانی هەردوو خول ئامادە بوون.

ڕێبین ڕەمزی

## چۆنیەتی دابەشبوونی یانەکان

لە جامی یەکێتیی ئاســیا تیپە بەشداربووەکان بەسەر هەشت کۆمەڵە دابەش کران، لە هەر کۆمەڵێك دوو یانە بۆ قۆناغی ١٦ ســەردەکەوێت و یارییەکانی قۆناغی ١٦ یەك یارییە لە یاریگەی تیپی خاوەنی پلــەی یەکەمی کۆمەڵەکە ئەنجام دەدرێت، پاشان لە قۆناغی ٨ یارییەکان دەبێتە شێوازی چوون و هاتن و بە هەمان شێوە لە قۆناغی پێش کۆتایی دوو یارییە و لە یاریی کۆتایی یەك یاری ئەنجام دەدرێت.

## هەولێر تاکە نوێنەری کوردستانە لەم پاڵەوانێتییەدا

لەم تیروپشکەدا یانەی هەولێر، کە تاکە نوێنەری کوردستانە لەم پاڵەوانێتییەکە کەوتــە کۆمەڵەی چوارەمی پاڵەوانێتییەکە شانبەشانی یانەکانی (شەباب ئوردن یاخود وەحدات (ئوردن)، ڕەفاع بەحرێــن، براوی یاری نێوان هەردوو یانەی شــەباب زاهیریە فەڵەســتین و ئالای قیرغزســتان) و یەکەم یاریی یانەی هەولێر لــە بەرواری(٢٥ یاخــود ٢٠١٤/٢/٢٦) لە نێــو یاریگەی خۆی ئەنجام دەدات، یانــەی هەولێر ئەگەر ســەرکەوت بۆ قۆناغی ١٦ ڕووبەڕووی یانەکانی کۆمەڵەی دووەم دەبێتەوە

## کۆمەڵەکانی تری ئەم پاڵەوانێتیە بەمشێوەیە

### کۆمەڵەی یەکەم

سوێق (شانشینی عومان) یاخود سەحەم (شانشینی عومان)، زات ڕاس (ئوردن)، سەفا لوبنان، براوەی یاریی نێوان ڕەفشان تاجیکستان و یەرموك بەمەن.

### کۆمەڵەی دووەم

عەربی (کوەیــت) یان کوەیت (کوەیت)، فەنجا (شانشــینی عومان)، جەیش سوریا، نەجمە لوبنان.

### کۆمەڵەی سێیەم

حەد (بەحرێن) یاخود مەنامە (بەحرێن)، قادسیە (کوەیت) یان نەســر (کوەیت)، وەحدە (سوریا)، شــوڕتە (عێراق) یاخود قوە جەوییە (عێراق).

### کۆمەڵەی چوارەم

هەولێر، ڕەفاع بەحرێن، شــەباب ئــوردن یان وەحدات (ئوردن)، بــراوەی یاریــی شــەباب زاهیریــە (فەڵەســتین) و ئالای (قیرغزستان).

### کۆمەڵەی پێنجەم

پیرسبۆرا جایابۆرا (ئەندەنووسیا)، هۆم یۆنایتد (سەنگافورە)، نیو ڕادیانت (دوورگەکانی مالدیڤ)، تشیرشل برۆزر (هیند).

### کۆمەڵەی شەشەم

هانۆی (ڤێتنام) یان دا نانگ (ڤێتنام)، ئەریما (ئەندەنووسیا)، سیلانگۆر (مالیزیا)، مازیا (دوورگەکانی مالدیڤ).

### کۆمەڵەی حەفتەم

یانگۆن یۆنایتد (میانمار)، ڤیســای نین بینە (ڤێتنام)، ساوس چاینا (هۆنگ کۆنگ) یان بیگاســۆس (هۆنگ کۆنگ)، کیلانتان (مالیزیا).

### کۆمەڵەی هەشتەم

تامبینرز ڕۆڤرس (سەنگافورە) یان بالیستر کالسا (سەنگافورە)، تــای بی تاو (میانمــار)، بۆنی (هیند) یان ئێســت بەنگال (هیند)، کیتشی (هۆنگ کۆنگ).

تیروپشکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا ڕاکێشرا

### کۆمەڵەی یەکەم

ئیســتقلال (ئیران)، ڕەیان (قەتەر)، جەزیرە (ئیمارات)، شەباب (سعودیە).



## ـــــــــتی ئاسیا و خولی یانە

**کۆمەڵەی دووەم**

فەتح (سعودیە)، فولاز خۆزستان (ئیران)، براوەی یارییەکانی پاڵاوتـــن کۆمەڵەی رۆژئـــاوای ئاســـیا (١)، بۆنیودۆکۆر (ئۆزباکستان).

**کۆمەڵەی سێیەم**

عەین (ئیمارات)، ئیتحاد (ســـعودیە)، تراکتۆر سازی تبریز (ئیـــران)، براوەی یارییەکانی پاڵاوتـــن کۆمەڵەی رۆژئاوای ئاسیا (٢).

**کۆمەڵەی چوارەم**

سەد (قەتەر)، ئەهلی (ئیمارات)، هیلال (سعودیە)، سیباهان ئەسفهان (ئیران).

**کۆمەڵەی پێنجەم**

بۆهانگ ستیلرز (کۆریای باکوور)، بۆریرام یۆنایتد (تایلاند)، شـــاندۆنگ لوینگ (چین)، خاوەن پلەی ســـێیەمی خولی ژاپۆن.

**کۆمەڵەی شەشەم**

شـــانفریس هیرۆشـــیما (ژاپۆن)، سانترال کۆســـت مارینرز (ئوستراليا)، سیۆل (کۆریای باشـــوور)، براوەی یارییەکانی پاڵاوتن کۆمەڵەی رۆژهەڵات ئاسیا (١).

**کۆمەڵەی حەفتەم**

گوانزهۆ (چیـــن)، پاڵەوانی جامی شـــیمبراتۆر-ی ژاپۆن، تشـــۆنبۆك هیواندای مۆتۆرز (کۆریای باشـــوور)، براوەی یارییەکانی پاڵاوتن کۆمەڵەی رۆژهەڵات ئاسیا (٢).

**کۆمەڵەی هەشتەم**

وێســـت سیدنی وندرز (ئوســـتراليا)، گۆیزهۆ (چین)، خاوەن پلەی دووەمی ژاپۆن، ئۆلسان هیۆندای (کۆریای باشوور).





# کوڕانی هەولێرو کچانی سلێمانی پاڵەوانی پاسکیسوارانی پارێزگاکان بوون

وەکو بەرنامەی خۆی و بەمەبەســـتی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی پاسکیلسواری لە شارەکانی کوردستان، بەچاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و بەسەر پەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی پاسکیلسواری کوردستان، لە شاری کەرکوك بە بەشداری هەریەك لە هەڵبژاردەی پاسکیلسواراکانی لە شارەکانی هەولێرو دهۆك و کەرکوك و سلێمانی پاڵەوانێتیی پاسکیلسواری هەڵبژاردەی شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوو بۆماوەی دوو رۆژ، یارییەکانی پاڵەوانێتییەکەش بۆ هەردوو ئاستی کوڕان بە ماوەی ٦٠کم و بۆ ئاستی کچانیش بۆماوەی ١٨کم بوو، کێبڕکێیەکانیش لەسەر رێگای کەرکوك – قادرکەرەم - لەیلان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا کچ و کوڕە یاریزانانی هەڵبژاردەی شارەکانی لە کـــەش و هەوایەکی باراناوی یارییەکانی خۆیان ئەنجامدا و کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد لەســـەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە. ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوەبوو.

**ئاستی کوڕان**

١-هەولێر
٢-کەرکوك
٣-دهۆك

**ئاستی کچان**

١-سلێمانی
٢-هەولێر
٣-کەرکوك

**ئاستی تاکی کچانیش بەمشێوەی خوارەوە بوو**

١-نیان یاسین-سلێمانی
٢-لەنجە سەلام-سلێمانی
٣-چریکە ئەدهەم-هەولێر

واش بڕیـــارە ئەو یاریزانانەی ئەنجامیـــان باش بووە لەم پاڵەوانێتییە وەکـــو یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان دەست نیشان بکرێن.